## ئاگاداری نەفرەتی ئەم خاکە بن! ... تەنیا داماو

زۆربەی خەڵك دۆستی پێ باشە! چونكە سەروژێری یەكە! بەڵام گەر رەخنەم لێ نەگرن، من دوژمنیش بە پیاو دەزانم وریزیشی دەگرم، چونكە وەكو پیاو هە لۆیستی دەربریوەو بەئاشكرا دژایەتی دەكات (زۆر جار وا دەبێت لەسەر حەقیش بێت) ، بەڵام دوژمنی لە دوژمن خراپتر ئەو كەسەیە دۆستایەتیت بكات و لە ژێرەوە دارت لە بن پێ ببریت! كابرای دوورو زۆر ترسناكترە لە دوژمن! ئەوەی هەوڵ دەدات لەسەر هەموو سفرەیێك شتێكی دەست كەوێت.
لە ماڵپەری (كوردستان نێت) چاوم بە بابەتێكی (سامی ساڵەیی) ناوێك كەوت، كە لە سەرەتا خۆی لە بەرگی پیاوچاكی وخاوێنی دەنوێنێت!و باسی كونگرە رۆژنامەگەریەكەی جەنابی سەرۆك دەكات لە كوەیت، نازناوی جوان وریك بەكاردەهێنێت بۆ سەرۆك بارزانی وەكو (رێزدار، بەرێزیان، بەرێز، سەرۆكی كوردستان) ، بەڵام پاشان دەست دەكات بە رشتنی ژەهری، كە هەر ئەم مەبەستەشی هەبووە لە نووسینی ئەم بابەتە!، ئەمەش شێوەو رێبازی دووروەكانە، كە دەیانەوێت لە پەنای خاوێنی وپیاو چاكی كاری خراپ وناشیرین ئەنجام بدەن! یاخود ئەوانەی دەیانەوێت لە پەنای ئایین ودینداری دونیا بخۆن!!! بەڵام... بەداخەوە كاك سامی ئەو رێبازەی جەنابت تازە بە تازە دەتەوێت پەیرەوی بكەی باوی نەماوە... !!.
سامی ساڵەیی بۆ سەلماندنی ئەوەی كە سەركردایەتی كوردپەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، ئاماژەی بە كیتابەكەی فازل بەراك ونووسینەكانی (د. كمال سەید قادر) كردووە، كە ئەمەش ئەوپەری نەزانینی دەگەینێت....
1-كتێبەكەی فازل بەراك، سێ بەشی زانیاریەكانی هەڵەن، ئەمە تەنها قسەی من نیە بەڵكو بە شاهیدی دوژمنانی كوردیش!!!

2-ئایا تۆی كوردستانی وكورد پەروەر چۆن قسەكانی فازل بەراك باوەر دەكەیت، مەگەر بەخۆت ناڵێیت (هەڵوێستی هەیئەی عولەمای موسوڵمانی عیراقیش بەشتێكی ئاسای دەبینم چونكە ئەمان دوژمنی ئێمەن ودوژمنیش بێجگە لەزەرەر هیچی تری بۆ ئێمەناوی خۆ بەتەماش نین دوعاو نزامان بۆ بكەن!) ، فازل بەراكیش دوژمنی كورد بووە، ئایا (نیشتمان پەروەریەكەت) چی بەسەر هات!!!!

3-ئەوەی بەعسی ودوژمنی ئەم میللەتە نەبێت، كتێبەكەی فازل بەراك ناكەتە بەڵگە بۆ هیچ شتێك (بە تایبەتی بۆ لێدانی میللەتەكەی) ، كەواتە بەرێزم وا دیارە لە سەر ماڵپەری (كوردستان نێت) ت نەخوێندوتەوە كە ئەوان نووسینی كۆنە بەعسی وجنێو فرۆشان بڵاوناكەنەوە!!!!!.

4-دەربارەی دكتۆر كەمالیش، (ماڵپەر، رۆژنامە، هەفتەنامە) نەماوە، دكتۆر كەمال نەڵێیت:پەشیمانم، قسەكانم راست نەبوون، هەڵە بووم!، بەڵام وا دەردەكەوێت ئەوانی وەكو ئێوە بوون، بەم شێوە بەرەو هەڵدێرتان بردووە!!!!.
كاك سامی لە درێژەی بابەتەكەیدا، ناتوانێت خۆی بگرێت ورقە پەنگخواردوەكەی ئاشكرا دەكات و دەڵێت (دەسەڵاتی كوردی هەمووشتێك دەكات بۆ بەرژەوندی خۆی نۆكەری بێگانەو جولەكەو جنۆكەش دەكات بۆ پاراستنی خۆی ودەسەڵاتی) ، لێرەوە پەردەكە لە سەر رووی راستەقینەی خۆی لادەبات وسوكایەتی بە زۆربەی گەلی كوردستان دەكات!.

گەر نیشتمان پەروەر بوایت دەتزانی سەركردایەتی كورد (بەتایبەتیش بنەماڵەی بارزان) سەروماڵی خۆیان فیدای ئەم نیشتمانە كردووە، ئەوان بوون دۆزی رەوای ئەم میللەتە هەژارەیان بەم رۆژە گەشە بردووە، بەڵام دەزانم بە هۆی دەسەڵاتی كوردی شوێنتان لەق بووە!، چونكە ئێوە چڵپاوخۆری بەعس ودوژمنانی كوردن!، بەڵام دڵنیابن دەبێت شوێنی دوژمن وناحەزان هەر ئەوها بێت!!!!.

كاك سامی.... ...

ماموستایانی ئایینی هیچ كاتێك پێویستیان بە ئامۆژگاری كەسانی وەكو ئێوە نەبووە!، چونكە گەر بە پێخۆشی ئێوە بێت چینی زانایان هەر نەدەبوون!!

زانایانی ئایینی.... .. خاوەن هەڵوێستن وبەردەوامیش دەبن لەسەر هەڵوێستەكانیان، چێگای شانازیشە بۆیان رۆژێك لە رۆژان دانەبراون لە خزمەتكردنی ئایین ونیشتمانیان و (چونكە خزمەتكردنی سەركردەكانیان پێ سەربەرزی وباشترە لە خزمەتكردنی سەرانی كەنداووناحەزان!!) .

وەرنەوە هۆش وبا بەس بێت خزمەتی بێگانە، گەر نا بەر نەفرین دەكەون!، چونكە چاك بزانن ئەم خاكی كوردستانە پیرۆزەو ئەوەی دوژمنایەتی بكات لە كۆتای لوتی دەشكێت!!!.

goja_4444@yahoo. com